سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ئاگاداریی‌ەک ئاڕاستەی عێراق

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی عێراق ئاگادار دەکاتەوە، لەوەی لە ئێگەری نزمبونەوەی نرخی نەوت کەشە لە هەژمارە دارایی‌ەکانی دروست دەبێت و بۆ ئەو مەبەستە پێویستە گرنگی بە کەرتی نانەوتی بدات لە پێداکردنی داهات.

لە راپۆرتەکی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا هاتوە، نزمبونەوەی نرخی نەوت یاخود بەردەوامی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن رێکخراوی ئۆپیکەوە، لەوانەیە کاریگەری لەسەر هەژمارە دارایی‌ەکانی عێراق دروست بکات، بەیە پێویستە عێراق گرنگی بە کەرتی نانەوتی بدات.

ئەم راپۆرتەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە دوای کۆتایی هاتنی سەردانی شاندی سندوقەکەیە بۆ عەمانی پایتەختی ئوردن، کە تێیدا لە رۆژەکانی 20 بۆ 29ی مانگی (شوبات/2) جاوی بە چەند بەرپرسەکی عێراقیش کەوت.

بۆ گوتەی پێشبینیی‌ەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، بەرزبونەوەی نرخی نەوت بۆ سەرو 90 دۆلار بۆ هەر بەرمیلەک، رۆژی کورتهێنانی دارایی عێراق بۆ 7.6٪ کەمدەکاتەوە.

هاوکات، ڕێژەی گەشەسەندنی ئابووری نانەوتی عێراق لە ساڵی 2023، 6٪ بوو، هەروەها لە سەرەتای ساڵی 2023 ڕێژەی هەڵئاوسان 7.5٪ بوو و لە کۆتایی ساڵەکە بە 4٪ نزمبوونەتەوە.